North America Committee of
Komala Party – Iranian Kurdistan

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
مەڵبەندی ئامریکای باکوور

# خۆپیشاندان دژ بە لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر کوردستان

رۆژی ٢٧ی فیۆریە لە شاری تۆرنتۆی کەنەدا لەبەردەم باڵۆێزی ئەمریکا خۆپیشاندانیکی بەرفراوان بۆ مەحکوم کردنی هێرشی تورکیا بۆ ناۆ کوردستان بەرێوەچوو.

خۆپیشاندانەکە کە سەعات ٢ی سەر لەنیوەرۆ دەستی پێکرد، بە شداری حیزبو رێکخراوەکوردستانیەکان و سەرجەم رەوتی کوردی لە پاریزگای اونتاریوی لەخۆی دەگرت. سەرەڕای سەرماو سۆڵێکی زۆر بەڵام خۆپیشاندەران بە گڕوتینی تایبەتیەوە بەشدار بوون و بەتوندی ئەو کارەدژ بەئینسانیەی تورکیایان مەحکوم کرد. خۆپیشاندەران کە ژمارەیان بەرچاو بو بە دروشمگەلی وەک: بژی کوردستان، بژی پێشمەرگە، نا بۆ شەڕ ئەرێ بۆ ئاشتی، ئێمە دوژمن نین، ئەرتەشی تورک برۆ دەرێ لە کوردستان، ئێمەش ئینسانین وەک هەمو کەسێ، ئەمریکای دو ڕو، هەروەها شەرم بۆ ئەمریکا درێژەیان بە رێپێوانەکە دەداو چەند کەسێکیش پەیام و ووتاریان پێشکەش کرد.

هەواڵنێرانی ژمارەیەک لە میدیاکانی کەنەدا خۆیان گەیاندبۆ شوێنی خۆپیشاندان و ووتووێژیان لە گەڵ بەشداربوان ئەنجام دەدا و دواتر ٣ کەس بە نوێنەرایەتی جەماوەرەکە بریارنامەیەکیان کەتێیدا نارەزایەتی و تورەیی خۆیان سەبارەت بە دەستدرێژی ئەرتەشی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەربریبو و داواشیان لە ئەمریکا کردبو کە زەخت بخاتە سەر تورکیا کە هەرچی زوتر هێزەکانی لەناو خاکی کوردستان بکێشێتەوە دەنا سەبارەت بەسەرەرۆیی ئەرتەشی تورکیا بێ دەنگ نابن.

بەم جۆرە خۆپیشاندانەکە ماوەی ٢ سەعاتی خایاند و کات ژمێر ۴ی ئێوارە کۆتایی پێهات.

**کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**مەڵبەندی ئامریکای باکوور**

٢٨/٠٢/٢٠٠٨


MURDERER
TURKEY
STOP
TURKEY
Freedom
for
Kurdistan